# هاتوچۆی دێوەزمەیەک بە خاکی کوردانـدا

گفتووگۆی دەنگەکان لەگەڵ سیروان عەبدول سەبارەت بە کارڵ مارکس

**مارکسیزم بۆ زۆرێک مانیفێستکردنی ناڕازیبوونە لە وەزعی مەوجود، نەک مانیفێستێک بۆ گۆڕینی وەزعی مەوجود.**



**سیروان عەبدول**

پ/ پاش رووخانی سیستەمی سۆسیالیزم و وەدەرکەوتنی تێزی "کۆتایی مێژوو" لە لایەن فۆکۆیاما و هاوڕاکانییەوە، ئایا ئەو بانگەشەیە واتای مردنی مارکسی فەلسەفیی بوو؟ یان مەبەستی ئەو مارکسە بە ئایدیۆلۆژییکراوەیە کە کۆتایی هات؟

سیروان ع.: بەر لە هەر شت گرنگە رێ لە بەدحاڵیبوونێک بگرین و ئەو راستییە دەست بخەینە سەر کە تێزی ئەسڵیی فۆکۆیاما راگەیاندنی مەرگی مارکسیزم نەبوو، بەڵکو راگەیاندنی ئابوریی بازاڕ و دیموکراسیی لیبراڵ بوو وەک دوایین فۆرمی لەبار بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا. بە شێوەیەکی تر بیڵێم: وەنەبێت ئەوە هاتنی تێگەیشتنی فۆکۆیاما بێت بۆ مێژوو کە مەعقوڵییەتی تێگەیشتنی مارکسی بۆ مێژوو خستبێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو ئەوە دروستبوونی ئەو ئیستیفهامە گەورانە بوو کە لەسەر بیری مارکسیزم دروست بوو کە مەعقوڵییەتێک (یان مەعقوڵییەتێکی زیاتری) بە تیۆرەی "کۆتایی مێژوو"ی فۆکۆیاما دا.

ئیستیفهام لەسەر مەعقولییەت و بەهای زانستیی مارکسیزم، چی وەک فەلسەفەیەکی سیاسیی و چی وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ گۆڕین و سازدانەوەی کۆمەڵگا، بەر لە هاتنی تیۆرەی "کۆتایی مێژوو"، خۆی چەنان دەیە بوو هەر هەبوو، وە ئەو ئیستیفهامە دەیە دوای دەیە گەورە و گەورەتر دەبوو؛ ئەمە بەتایبەت دوای ئەوەی ئەزموونی سیستەمی سۆشیالیزم لە ڕوسیا و وڵاتانی تری ئەورووپای ڕۆژهەڵات، شانبەشانی ئایدۆلۆژیاکانی فاشیزم و نازیزم، مێژوویەکی ڕەشیان لە تۆتالیتارییەت و کوشتوبڕ و بێحیسابکردنی بەهای ئینسان لە ئەورووپای سەدەی ڕابردوودا نەخشاند.

فۆکۆیاما بە ووتاری "کۆتایی مێژوو"، وە دواتر بە کتێبی "کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ" تیۆرەیەکی نوێ و سەربەخۆی خۆی دەخاتە بەرچاو، نەک ئەوەی هەر تەنها ڕەخنەی مارکسیزم بکات و کاری ئەوە بێت مارکسیزم نەفی بکاتەوە. تێگەیشتنێکی ئاوا هەڵە لە فۆکۆیاما بۆی هەیە کەسێک بەو هەڵەیەدا بەرێت کە وا بزانێت ئەگەر توانی چمکێکی مارکسیزم (بۆ نموونە "مارکسی فەلسەفیی" یان "مارکسی ئایدۆلۆژیی") لەژێر باری ڕەخنەی ئەو تیۆرەیە دەرکات، یان ئەگەر درەنگ یان زوو ئەو تیۆرەیە کورتی هێنا و هەڵە دەرکەوت، ئەوە ئیتر ئیستیفهام لەسەر دروستیی تیۆرەی مارکسیزم نامێنێت و درەنگ یان زوو دادپەروەریی کۆمۆنیستیی دنیا دەتەنێتەوە. بیرکردنەوەیەکی وا ئەو بەختەمان لێ دەسێنێت بتوانین بە عەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە لە ئەگەری هەبوونی خەلەلی ناوەکیی لەناو خودی تیۆرەی مارکسیزمدا بکۆڵینەوە. ئەم تێڕوانینە "ناسخ و مەنسوخ"ییە بۆ تیۆرەی ماتریالیزمی مێژوویی مارکس و تیۆرەی کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما زۆرێک لە مارکسیستەکانی تووشی ئەو ئیغرایە کرد کە بۆ سەلماندنی دروستیی جیهانبینیی مارکس، بەوە ئارگیومێنت بکەن کە بۆ نموونە بڵێن فۆکۆیاما بیرمەندێکی موعتەبەر نییە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا و تێزەکەشی زوعفی گەورەی تیایە. من کارێکی وا زیاتر بە سەرسەختییەکی ئایدۆلۆژیی دەزانم، تا لێکدانەوە و ئارگیومێنتکردنێکی ڕاشیونال بۆ دروستیی فەلسەفەی مێژوو لای مارکس. سەرسەختییەکی ئایدۆلۆژیی لەم چەشنەش بە غەیری کۆمەڵێک شیعاری حەماسیی ئینساندۆستانە هیچێکی تر ناخاتە سەر فیکری سیاسیی.

بۆ کەسێک کە بیەوێت بێ خۆخەڵەتاندن لە دروستیی یان نادروستیی بیری مارکس بکۆڵێتەوە، ناکرێت هەروا سادە بەسەر ئەو پرسیارە جەوهەرییەدا باز بدات کە ئایا بۆچی ئەزموون و پراکتیکردنی سیستەمی کۆمۆنیستیی لە سەدەی ڕابردوودا تۆتالیتارییەتێکی خنکێنەر و دیکتاتۆرییەتێکی ڕەها و سەرکوتێکی سەرتاپاگیری لێ کەوتەوە. بۆ کەسێک کە لە خەمی کەوتنەوەی ئازادییدا بێت، ناکرێت ئەو تین و تاوەی خەڵک لە نۆڤەمبەری 1989-دا پیشانی دا بۆ ڕوخاندنی دیواری بەرلین نەهێنێتە ناو حیسابات و لێکدانەوەکانی خۆیەوە و نەگەڕێت بۆ هۆکارێک بۆی *لەناو*

خودی *مارکسیزمدا*. لەئاست ستالینیزمدا بۆ نموونە، هەر ئەوەندە کافیی نییە ئێمە سەرکۆنەی کەسایەتیی ئۆتۆریتاریبیانەی ستالین بکەین و تاوانەکانی بدەینە پاڵ ئەوەی کە لە دنیادا لێرە و لەوێ هێشتا موڵکییەتی تایبەت بۆ کەرەستەکانی بەرهەمهێنان ماوە. بەلای منەوە ستالین کوڕێکی شەرعیی مارکسیزم بوو نەک زۆڵێکی دزەکەری ناو دنیای سەرمایەداریی بۆ ناو سۆڤیاتەکان. بەلای منەوە تۆتالیتارییەتی "دەوڵەتی" یەکێتیی سۆڤییەت، لادانێک نەبوو لە هەوڵی بەسۆشیالیستکردنی کۆمەڵگا، بەڵکو بەرهەمی ئەو هێزە داڕوخێنەرە پڕ پۆتێنسیالە بوو کە لەناو یۆتۆپیای دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا و ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە سەرتاپاگیر و ڕادیکاڵەدا بوو کە مارکس و کۆمۆنیستەکان بە مەرجی کەوتنەوەی ئازادیی و یەکسانییان دەزانی.

ساڵەکانی 1989 تا 1991 بۆ زۆرێکمان ساڵانی خۆخەڵەتاندن بوو لە مەعقوڵییەتی ئەو ئیستیفهامەی لەسەر مەعقوڵییەتی بیری مارکسیزم دروست بوو؛ ساڵانی ڕاکردن بوو لە گومانکردن لە بەهای زانستیی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای مارکسیزم. دیارە ئەم خۆخەڵەتاندنە بۆ من تەواو جێگەی تێگەیشتنە و دەزانم چی دافعێکی ئینساندۆستانەیە کە وا دەکات مارکسییەک نەتوانێت گوێ لە ئیحتیمالییەتی کورتهێنانی مارکس بگرێت لە بیرکردنەوەدا، بەڵام ئەمە قەت مانای ئەوە نییە کە خۆخەڵەتاندن کەوتنەسەنگەر نییە لەبەرامبەر ڕاشیۆناڵیتێت و بیرکردنەوەی دروستدا. هەڵوێستگیرییەکی لەم چەشنە بووە هۆی ئەوەی کە لەم بیست ساڵەی دواییدا لە ناوەندی سیاسیی و تا ئاستێکیش لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا فاناتیزمێکی کۆمۆنیستیی سەرهەڵبدات کە کار بۆ ئەوە بکات کە شانی کۆمۆنیزم لە هەموو ئەو ناشیرینییانەی کە لە ئاکامی پراکتیکردنەوەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیی کەوتنەوە، خاڵیی بکاتەوە و بیانداتە پاڵ کۆمەڵگای سەرمایەداریی. ئەمە، وەک ووتم، بۆ من جێگەی تێگەیشتنە چونکە ڕاگەیاندنی نادروستیی بیری مارکسیزم بۆ زۆرێک، مانای کۆتاییهاتنی خەونبینین بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرەوە بوو. ڕازییبوون بە نادروستیی بیری مارکسیزم مانای ڕازییبوون بوو بە بێباکیی سیستەمی بازاڕی ئازاد لەئاست سەختیی ژیانی ئەوانەی کە لاوازن. بۆیە بۆ زۆرێک بەهای مارکس لە بەهای زانستیی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای مارکسیزمدا نییە بەڵکو ڕێک لەم بەها ڕەمزییەیدایە بۆ وەستانەوە دژ بە ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیی.

لێرەوە بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان. فۆکۆیاما تێکشکانی جەمسەری کۆمۆنیزم لە شەڕی سارددا هەم وەک دەلیلی نادروستیی فەلسەفەی مێژووی مارکس و هەمیش وەک نادروستیی ئایدۆلۆژیای سیاسیی مارکسیزم سەیر دەکات. بەڵام با لێرەشدا ڕێ لە بەدحاڵیبوونێکی تر بگرین و ئەو ڕاستییە دەست بخەینە سەر کە دەرکەوتنی نادروستیی تێگەیشتنی مارکس بۆ مێژوو بەهیچ شێوەیەک ئۆتۆماتیکیی دروستیی تیۆرەی کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما ناگەیەنێت.

پ/ ئایا بواری رۆشنبیریی و سیاسییمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە راگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟

سیروان ع.: کاک بەختیار عەلی لە دیالۆگێکی زۆر کورت بەلام بێئەندازە جوانی ناو ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"-دا، لە وەلامی داوایەکی ئادەم مەرجانی کۆمۆنیست لە سەریاسی دووەم کە نەچێت و بەشداریی شەڕی نێوان بۆرژواکان نەکات لەبەر ئەوەی ئەوە شەڕی چینی کرێکار نییە، سەریاسی دووەم بە وەلامێکی کۆمیدیی دێنێتە قسە. بەلام وەلامێکی کۆمیدیی کە هەموو تراژیدیای سیاسەتکردن لە ولاتی ئێمەدای تیا چڕ دەبێتەوە. سەریاس لە وەلامدا دەلێت کە ئەو حەز دەکات بچێت بۆ هەموو شەڕەکان، بۆیە *«ئەگەر شەڕێکی تر هەبوو، جوابم لێ بگێڕەوە، دێم بۆ ئەویش»*.

ئەم شێوە وەلامدانەوەیە پیشانی دەدات کە لەمسەری چەپ تا ئەوسەری راستی ڕەوتە سیاسییەکانی ناو کۆمەلگای ئێمە - لەوانە مارکسیزم - ماتریالێکی بەشەریی چەند حازربەدەست و گوێڕایەلیان لە ئیختیاردایە. خەباتکاران و شەڕکەرانێکی حازربەدەست کە تێگەیشتن لە زەمینە سیاسیی و فەلسەفییەکەی ئەو بزووتنەوانەی کە ئامادەن تەنانەت خۆیانی لەپێناودا بدەن بە کوشت، دوایین کارە کە ئامادە بن ووزەی تیا سەرف بکەن. خەباتکارانێک کە ئامادەن تەواو مەبدەئیانە مومارەسەی بێمەبدەئیی خۆیان بکەن. خەباتکارانێک کە هەر ئەوەندە دەزانن کە بێزار و ناڕازیین و تەواو، بەلام ئیتر بۆچی وایە و بەچی ستراتیجییەتێکی ڕاشیونالی دورمەودا دەکرێت زەمینەی ئەو بێزارییە پوچەل بکرێتەوە، ئەمە ئەرکێکە کە جار هەیە ڕێژەیەکی زۆری خەلکی ناو کۆمەلگا خولقی نابێت مێشکی خۆی لەپێناودا بگوشێت. بەو ئەندازەیەشی کە ژمارەی ئەو خەلکە بێزار و سەردەرنەکەرە لە کۆمەلگایەکی دیارییکراودا زیاد دەکات، بەو ئەندازەیە ئەو کۆمەلگایە دەدرێت بەسەر یەکدا و شەڕی مەبدەئیانەی "ناڕازییە بێمەبدەئەکان" گۆڕەپانی سیاسەت داگیر دەکات. لە کۆمەلگاگەلێکی لەم چەشنانەدایە کە جار هەیە دەبینی هەر ئەوەندەت زانی هەزاران گەنجی بێزار و ناڕازیی دەبنە میلیشیای دەوری "تالیبان"ێک یان ئەنسارولئیسلامێک و وایان لێ تێدەگەیەنرێت کە هۆکاری تالیی ژیانی ئەوان ئەوەیە کە کچان بە پەڕۆوپال خۆیان داناپۆشن؛ یانیش هەزارانیان دەبنە میلیشیای دەوری کاسترۆیەک و تالەبانییەک و بارزانییەک و وایان لێ تێدەگەیەنرێت کە هۆکاری تالیی ژیانی ئەوان ئەوەیە کە ناهێلرێت ئەو شۆڕشگێرانەی سالانێکی زۆر خەباتیان کرد بۆ قۆرخکردنی ولات بۆ خۆیان، ئەمرۆ بەئیسراحەت "دەستکەوت"ەکان نۆش بکەن.

بەڵام ئیتر مارکسیزمیش بۆ زۆرێک، وەک لە سەریشەوە بە مانایەکی تر ئاماژەم پێ دا، ئاوا *مانیفێستکردنی ناڕازیبوونە لە وەزعی مەوجود، نەک مانیفێستێک بۆ گۆڕینی وەزعی مەوجود.* بەم مانایە و لەم ڕووەوە بەڵێ مارکسیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ ناڕازییان، بە حوکمی ئەو هەموو ناحەقییانەی ڕۆژانە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا دەگوزەرێن، زەمینەی ئەم جۆرە لە تەواجدی هەر ماوە؛ بەڵام ئەوە هەیە کە ئێستا شەڕی تر هەیە کە سەریاسی دووەم و نزیکەی هەموو خەڵکە ناڕازییەکەی بۆ مەیدانەکانی خۆی کێش کردووە و مەیدانی مارکسیزمی بەسەر ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئادەم مەرجانی شەریف و نییەتپاک و ناڕازییدا بەجێهێشتووە (بۆ نموونە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان) کە قسەکردن لە ئەگەری نادروستیی بیری مارکس تەنها وەک پاکانەکردن بۆ ناشیرینییەکانی دنیای ئێستا دێتە بەر گوێیان، نەک لێکدانەوەی فیکریی.

بێمە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکەتان سەبارەت بە چیتر پێویستیی کۆمەڵگای ئێمە بە مارکسیزم. دیارە هیچ پەیوەندییەک نەبوو (بەهەرحاڵ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ) لەنێوانیاندا کاتێک ئاوا ڕوخانی کۆمۆنیزم لە ڕووسیا لەلایەک و، ڕاپەڕین و بەدەستهاتنی خەونی "حکومەتی کوردیی" لە کوردستانی عێراقدا لەلایەکی تر، هاوزەمان کەوتن؛ بەڵام ئەو دوو ڕووداوە هاوزەمان و هەر یەک لای خۆیەوە ڕۆڵی هەبوو لە پوکاندنەوەی زەمینەی درێژەکێشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی لە دەڤەری ئێمەدا. گومانی تێدا نییە کە تێکشکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی ژمارەیەک خەڵکی تووشی پێداگرییەکی ئایدۆلۆژیی سەرسەختانە کرد، بەڵام لەبەرامبەردا ئەتمۆسفێرێکی گشتیی وای دروست کرد کە تیایدا باسی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە و ڕزگارکەرانەی چینی کرێکار بە بەدگومانییەکی زیاترەوە گوێی لێ بگیردرێت. مارکسیزم لە سیاسەتی ناوچەی ئێمەدا ڕۆڵی مانیفێستکردنی ناڕازیبوون لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و شەڕی ڕزگاریی کوردی گرتبووە ئەستۆ. دروستکەران و سەرکردەکانی "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" بۆ نموونە، لەسەرەتای دروستبوونی گروپەکەوە تا کۆتاییهاتنی، هەموو کەسانی قەومگەرا بوون کە مارکسیزمیان وەک مانیفێستی ڕیالیزەکردنی شۆڕشی کوردیی (لەجیاتی شۆڕشی کرێکاریی) و کۆمەڵگای "بێعەرەب" (لەجیاتی کۆمەڵگای بێچین) تەبەنیی کردبوو. مارکسیزم لە زۆر لە وڵاتان، لەوانە لە کوردستان، وەک دیسیپلینێک بۆ ڕەخنە و وەستانەوەی سەرکوتکراوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمییدا بەکار برا نەک بزوتنەوەیەکی چینایەتیی. ئەمە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگای ئێمەش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر دابەش نییە بەسەر چینی جیاوازدا کە لە خواری خوارەوەیدا کرێکاران کەوتوونەتە ژێر باری ژیانێکی قورس و، لە سەری سەرەوەش سەرمایەداران خۆش دەگوزەرێنن، بەڵام جیهانبینیی چینایەتیی و هەستی ئینتیما بە چینێکی دیاریکراو قەت لای ئێمە نەبووەتە زادەی بەرپێخستنی بزووتنەوەیەکی سیاسیی. بۆ

نموونە تەنانەت حیزبی شیوعیی و ڕەوتی کۆمۆنیست و دواتر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییش زادەی بیری ئازادییخوازانەی ڕۆشنبیرانی نارازیی لە سەرکوتی سیاسیی بوو نەک زادەی ناسنامە یان هەستی ئینتیما بە چینی کرێکار و تێکۆشانی ئەو چینە بۆ بەدەستهێنانەوەی "زێدەبایی"ەک کە دەچێتە گیرفانی چینێکی ترەوە.

کوردایەتییکردن و هەستی ئینتیما بە نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە سەردەمانێکی زۆر ئەو ناسنامە کۆلێکتیڤە بوو کە کۆمەڵگای ئێمەی لە یەک هەڵپێکابوو و بە دەستەجەمعیی دوای هەر تیۆرەیەک و فەلسەفەیەکی سیاسیی شۆڕشگێڕانەی دەخست کە باس لە گۆڕینی دۆخێک و ڕووبەڕووبەنەوەی زوڵم و ژێردەستەیی و چەوسانەوە بکات. دیاریشە مارکسیزم تا ئێستا بەرچاوترینی ئەو تیۆرانە بووە کە پەیامی سەرەکیی بانگەشە بووە بۆ ئەم کارە و هەر بە حەسرییش تاکە تیۆرەی فەلسەفیی ناو تیۆرە فەلسەفییەکان بووە (لەوانە ئاینەکانیش) کە ئەرکی خۆی بەوە داناوە کە وەزعی مەوجود «هەر تەنها نەخوێنێتەوە، بەڵکو بشیگۆڕێت». بەڵام کاتێک دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 چەوسانەوەی نەتەوەیی بەو ڕاستەخۆییە ئیتر ئامادەیی نامینێت لە شوێنی ژیانی خەڵکی کورددا و لێرەشەوە زەروورەتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نامێنێتەوە، وە کاتێکیش هاوزەمان لەگەڵ ئەمەدا کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی جیهان هەموو ڕەونەق و سیحری جارانی لەدەست دا و ئیستیفهامی گەورە لەسەر بەهای زانستیی ئەو فەلسەفەیە دروست بوو، وە هەڵمەتێکی جیهانیی سەرتاپاگیر بەڕێخرا بۆ فۆکەسخستنە سەر ئەو کورتهێنانەی مارکسیزم، ئیتر هێزە نارازییە کۆمۆنیستەکانی ناو مەیدانی سیاسیی ئێمە کەموزۆر لە مارکسیستبوونی خۆیان کاڵ کردەوە و لە "هاوڕێیی" کەوتن و مەسافەیەکی زیاتر کەوتە نێوانیانەوە و مارکسیزم چیتر ئەو بۆتەقە کۆکەرەوەیە نەما کە بتوانێت هەموو بەدەوری ناسنامەیەکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە. لەم سەردەمەوە بوو کە ئیتر کۆمەڵەی ڕەنجدەران وەک کیانێکی جیا وردە وردە خۆی لەناو یەکێتییدا گۆڕ-وون کرد و، حیزبی شیوعیی وەک حیزبێکی شیوعیی لای خۆیەوە وردە وردە خۆی لە سیاسەتکردن خانەنشین کرد و، کۆمۆنیستە کرێکارییەکانیش لەسەر پێداگرییان لەسەر مارکسیستبوونی خۆیان، بە گوللە شاربەدەر کران، بەڵام چونکە مارکسیزم بەر لەوان شاربەدەر کرابوو، بڕینەوەی ئەم پارچە سڕبووەی جەستەی کۆمەڵگای ئێمە بێ دروستکردنی بچووکترین ئازار بۆی، تێپەڕی. گرنگە لێرەدا ئەم خاڵە تۆزێک ووردتر بکەمەوە و ئەوە بڵێم کە بێدەنگەلێکردنی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و ڕۆشنبیرانمان لەو شاربەدەرکردنەی کۆمۆنیستەکان، دەرخەری ئەوە بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگای ئێمە دەستبەرداری مارکسیزم دەبوو وەک تیۆرەیەکی شۆڕشگێڕ، زیهنییەتی دیموکراتییەت و مافەکانی

مرۆڤ چەندە لاواز بوو (یان لاوازە) تیایدا. دیارە ئەو بێدەنگەلێکردنە ڕووداوێکە کە من پێموایە ئیتر لە مێژووی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای ئێمەدا تا چەنان و چەنان ساڵی تر وەک دەلیلێکی سەلمێنەر بۆ ناڕاستگۆیی ئەو سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانە هەر دەمێنێتەوە کە جورئەت دەدەنە بەر خۆیان و ئێستا یان لە داهاتوودا ئیدیعای ئەوە بکەن کە لەم دوو دەیەیەی ڕابردوودا خەباتکاری جیددی و مەبدەئیی چەسپاندنی ئازادیی بیروڕا بوون لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئاخر دەرکەوتنی خەڵەل و کەموکوڕیی لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای مارکسیزمدا ئاساییە ببێتە هۆی خۆلێکشاندنەوەی خەڵکیی لێی، بەڵام ناکرێت نادروستیی فەلسەفەیەک یان ئایدۆلۆژیایەک بکرێتە بیانوویەک بۆ بێدەنگەکردن لە سەرکوتکردنی ئەو کەسانەی کە هێشتا ئیمانیان بەو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایە ماوە. تێپەڕینی ئەو ڕووداوە ئاوا بەئاسانیی و ڕوودانی تەنها لەناو تەنها دو کۆڵانی ناو دوو گەڕەکدا بێئەوەی بچوکترین خەڵەل بخاتە ناو ڕیتمی ژیانی خەڵکی شارەوە دەلیلی ئەوە بوو کە زۆرێک لە خەڵک و ڕۆشنبیرانی ئێمە بەو ئاستە سامناکە سادە و ڕووکەش لە پرەنسیپی ئازادیی بیروڕا تێگەیشتوون، بەڵام لە هەمان کاتدا دەلیلی ئەوەش بوو کە ئێمە دەستەیەکی بەرفراوان لە حیزبی شۆڕشگێڕ و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیی و ڕۆشنبیری دیموکراتخوازمان هەیە کە کاتێک ئیش دێتە سەر کارکردنی عەمەلیی بۆ ئەو پرەنسیپانەی ئیدیعای دەکەن، ئامادەن بێ ئیحراجبوون نیفاقی سیاسیی و سێکتاریزم مومارەسە بکەن، یان لە باشترین حاڵەتدا داهێزراوانە سەیری ئەو حەقارەتانە بکەن کە دەسەڵات بە خەڵکانی غەیری خۆیانی دەکات و خولقی ئەوەیان نەبێت سەرکۆنەی بکەن.

بەهەرحاڵ ئەم لاوازییەی زیهنییەتی دیموکراتیی و مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەپاڵ نەمانی پێویستیی ناشیونالیزمی کورد بە شۆڕشگێڕییەتی مارکسیزم و بە ئیزافەی ئەو ئیستیفهامەی لەسەر ئاستی جیهان لەسەر بەکەڵکیی مارکسیزم دروست بوو، بەشدارییەکی کرد لەوەدا کە مارکسیزم لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەتەواویی زەوییەک لە ژێرپێی نەمێنێ و وجودی لە گۆڕەپانی سیاسیی و کۆمەلایەتییدا تەواو کاڵ بێتەوە.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە کارێکی کرد کە تەنانەت لە کوردستاندا ئەو موفارەقەیەش مومکین بێت کە بڕیاری شاربەدەرکردنی کۆمۆنیستەکان لەسەر کۆمۆنیستبوونیان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، بەپێی ئەو زانیارییانەی من گوێم لێ بووە، لەسەر دەستی نەوشیروان موستەفا، سەرەکییترین واریسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بەجێ بگەیەنرێت. ئەم ڕووداوە لەپاڵ ئەو مەسەلەیەوە کە ئەوە جەریمەیەکە و دەبێت ڕۆژێک بێت عەدالەت بۆ ئەو کەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەو پرۆسەیەدا کوژران، هەمانکات نیشاندەری ئەوەشە کە چۆن مارکسیزم ئیتر لە کوردستاندا بە ئەندازەیەک

زەمینــەی حــزوری نــەما کــە نــەک هــەر نــەتوانێت بۆنــدێکی لاوازی هــاودڵیی ئایــدۆلۆژیی لــەنیوان مارکسییەکاندا بهێڵێتەوە، بەڵکو تەنانەت بگاتە ئەوەی بکەونە گیانی یەک و بتوانن یەکتریش بکوژن.

بــەم مانایــە دەیــەی نــەوەدەکان دەیــەی کــەوتنی مارکســیزم بــوو لــەوەی کــە ئیتــر بتوانێــت تــوخمێکی پێکهێنــەری ناســنامەی کــۆلێکتیڤی خــەڵکی ئــەو ناوچەیــەی ئێمــە بێــت. وە بــە بــڕوای مــن مارکســیزم تــازە زەمینەیــەکی بــۆ نایەتــەوە بتوانێــت هێزێــک پێکــەوە بنێــت ووزەیــەکی تیــا بێــت بــۆ وەســتانەوە بەرامبــەر بــە ســتەمی دەســەڵات. دوای ڕاپــەڕینی نەوەدویــەک و لــە ســەرەتای نەوەکانــدا ناشیونالیســتەکان هــەوڵێکی وایــان هــەبوو کــە مارکســیزم، دوای بــەکارهێنانی بــۆ وەســتانەوە دژ بــە ســتەمیی نەتــەوەیی، ئینجــا بــۆ ئامــانجی تــر، بــۆ نموونــە بــۆ شــەڕی ئۆلیگارشــەکان لــەناو خۆیانــدا بــەکاری بهێــنن، ئەمــە بــۆ نموونــە زیندووکردنــەوەی "ئــاڵای شــۆڕش" هــەوڵێکی وابــوو؛ بــەڵام چونکــە مارکســیزم نــە لەســەر ئاســتی لۆکــاڵ و نــە لەســەر ئاســتی جیهــان ئــەو قــوەتی جەزبــەی نــەمابوو بتوانێــت خــەڵکانێکیان بــۆ شــەڕەکانی نــاو خۆیــان بــۆ تەعبیئــە بکــات، دەستپێشــخەرانی ئــەم کــارە زوو ئــەم دوکانــەیان داخســت و زۆری نــەبرد لەوپــەڕی ڕاستڕەوییدا سەریان بەرز کردەوە و بێشەرمانە کەوتنە شەڕی داکۆکیی لە ستەمکاریی دەسەڵات.

گرنگــە هــەر لــەم ســیاقەدا ئــەوەش بڵــێم کــە ئەگــەر لــە کۆمــەڵگای ئێمــەدا دوای ڕاپــەڕینیش هێشــتا ســتەمکاریی دیاردەیــەکی بــەرچاو و ڕۆژانەیــە، بــەڵام خەڵکــە نــاڕازیی و تووڕەکــە ئایدۆلۆژیایــەکی بەردەســتتر لــە مارکســیزمیان  لــە بەردەســتدایە پــەنای بــۆ بــەرن و شــەرحی حــاڵی خۆیــانی ببەنــە لا، کــە ئایــدۆلۆژیای ئاینییــە. بــە مانایــەکی تــر ئەگــەر لــە حــەفتاکان و هەشــتاکاندا گــەنجی نــاڕازیی کۆمــەڵگای ئێمــە لــە تووڕەییدا دەچــوو دەبــووە مارکســیی و بــە خوێندنــەوەی کتێبــەکانی مــارکس دەیویســت شــتێک لەگــەڵ ناحەقییەکانــدا بکــات، ئــەوا ئێســتا تونــدڕەویی و بــەکارهێنانی تونــدوتیژیی تیــۆریزەکراو بــە قورئــان ئــەو بەدیلــە ڕۆحییــە بەردەســتەیە کــە جێــی مارکســیزمی ئــەو ســەردەمەی بــۆ گــەنجان گرتۆتــەوە. بــۆ نارازییــانی کۆمــەڵگای ئێمــە دەســتکردن بــە نــوێژ و ڕۆژوو، وە تێــوەگــلان لــە ئیســلامی سیاســیی و تەنانــەت کــاری تیرۆریســتییەوە کــارێکی زۆر بەردەســتترە لــەوەی کــە بچــن گروپێکــی مارکسیســتیی یــاخیی بــۆ نموونــە لــە چەشــنی گروپــی تیرۆریســتی مارکسیســتیی «FARC»ی کۆلۆمبیــا دابمــەزرێنن و نــاڕەزایی خۆیــانی پــێ دەرببــڕن. بیرمــان نــەچێت کــە ئەگــەر گوتــار یــان ئیــدیعای "شــەڕ بــۆ عەدالــەت" لەلایــەن مارکســیزمەوە چــەنان دەیــە زیهنــی ڕۆشــبیرانی ئێمــەی بــۆ خــۆی کــێش کــرد و کردنــی بــە مارکســیی داکۆکییکــار لــە چەکهــەڵگرتن دژ بــە ســەرمایەداران، ئــەوا ماوەیــەکی زۆر نابێــت گوتــار یــان ئیدیعای "شــەڕ بــۆ عەدالــەت" لەلایــەن ئیسلامەوە زیهنــی تــەیفێکی تــا ئاســتێک زۆر لــە ڕۆشــنبیرانی ئێمــەی بــۆ خــۆی کــێش کــرد و کردنــی بــە پاکانــەکــەرانێکی سەرســەختی ئیســلامی سیاســیی و تــەوژمێکی گــەورەی داکــۆکیی لــە "جــوامێریی" و "جــەنگاوەر" و "فەزیڵــەتی تونــدڕەویی" هێنایــە نــاو ئــەم

ڕۆشنبیرییەوە. بەڵێ ئێستا بۆ تێرئاوکردنی دڵی نارازییانی ناو کۆمەڵگای ئێمە ئاینی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیی بەدیلی پڕ پۆتێنسیالی ئەو مارکسیزم و خەباتی چینایەتییەیە کە لە سەدەی ڕابردوودا باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەمەیە نهێنیی ئەوەی کە ئێستا بۆ نموونە زانکۆکانی کوردستان، کە بڕیارە شوێنی بەرهەمهێنانی ئینسانی ئۆتۆنۆم و خاوەن عەقڵی سەربەخۆ بێت، لە مزگەوتەکانی سەردەمی بەر لە ڕاپەڕین زیاتر ڕادیکاڵیزمی ئیسلامیی باڵی گرتووە بەسەریدا. دیارە ئاکامی زۆر خەتەرناکی دەبێت گەر ئەم کارە هەر ئاوا بەم ئاراستەیەدا درێژەی هەبێت. دوای ئەم قسانە مایەوە وەک وەڵامێک بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان ئەوە بڵێم کە لەسەر بناغەی ئەو لێکدانەوە واقعییەتانەی سەرەوەیە کە من پێموایە چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیەی کۆمەڵگای ئێمە شێوەکاری جیاتر لە خەباتی چینایەتیی و هەوڵی بەدەستهێنانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریی دەخوازێت.

پ/ ئایا توانای فەلسەفەی مارکسیزم لە گۆڕینی کۆمەڵگادا کۆتایی هات، یاخود ئەوە هەر مارکسیزمە کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە؟

سیروان ع.: لەسەر ئەوە کەوتووە کە ئایا لەم پرسیارەدا "فەلسەفەی مارکسیزم" چی مانایەکی دەدرێتێ. ئەگەر پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئایا مومکینە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگای شۆڕشکردنی چینی کرێکار و بەگشتییکردنی موڵکداریتیی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانەوە بەدی بێت، ئەوا وەڵامی من نەخێرە چونکە لەساڵی حەڤدەوە تا هەشتاونۆ ئەم ڕێگایەمان تاقی کردەوە و هیچێکی لێ سەوز نەبوو و ئێستاش ئیتر پێویست ناکات کار بۆ ئەوە بکەین جەولەیەکی تر لەو ئەزموونە بە کۆمەڵگا بچێژینەوە. ئەگەریش بەو مانایەیە کە مارکس ئاگادارمان دەکاتەوە کە دنیای ئێمە دنیایەکی ناعادیلانەیە و بیرمان دەهێنێتەوە کە دەبێت کار بۆ گۆڕینی بکەین، ئەوا بەڵێ مارکسیزم فەلسەفەیەکە کە هەستکردن بە مەسئولییەت بەرامبەر بە بەهاداریی ئینسان و ڕەخنەکردنی ڕادیکاڵ لە نادادپەروەریی کۆمەڵاتیی کردە ترادیشونێکی جێگیر لەناو ناوەندی فەلسەفیی و سیاسییدا و هەر بەخۆداچوونەوەیەک و هەڵوەستەکردنێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لەئاست ناعەدالەتیی لە سەدەونیوی ڕابردووەدا، کەموزۆر فەزڵی هەڵوێستوەرگرتن و ڕەخنەی ڕادیکاڵی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵزی تیایە.

پ/ بە بۆچوونی ژاک دێریدا، ئەوەی کوژراوە مارکسی ئایدیۆلۆژییە نەک فەلسەفیی. ئەو مارکس بە تارمایی هاملێت دەچووێنێت، بەوەی ئەو هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە لایی و

لەحەقیقــەتی تــاوانی باوککوشـــتندا ئاگادارمـــان بکاتـــەوە. کەواتـــە ئایـــا مارکســـەکەی نـــاو زەمانمـــان کـــەی توانای ئەوەی هەیە بێتە گۆ؟

سـیروان ع.: ئەوەنـدەی مـن تێگەیشـتبم دێریـدا ئـەو دابـەشـکارییەی مارکسـیزم بـۆ سـەر مارکسـی ئایـدۆلۆژیی و مارکسـی فەلسـەفیی ناکـات بـەڵام ئـەو لـە کتێبـی "تارماییـەکانی مـارکس"دا بەگشـتیی رەخنـەی ئـەو دیـدە دەکـات کـە دەیـەوێت هـەم رۆڵـی فەلسـەفەی مارکسـیزم لـە سـازدانی زیهنییـەتی داپـەروەریی و هەسـت بەبەرپرسـیارێتیی مرۆڤایەتییـدا بێئەهەمییـەت بکـات و هـەمیش مانـای مارکسـیزم بـۆ دونیـای دوای روخـانی سیسـتەمە کۆمۆنیسـتییەکان نادیـدە بکـات. دێریـدا تارمـایی مـارکس بـە تارماییـەک ناشـوبهێنێت کـە لـە هـەر گرێخـواردنێکی کۆمـەڵگای بەشـەرییدا ئێمـە بچینـەوە لای، بـەڵکو ئـەو لـەو راسـتیانەوە دەسـت پـێ دەکـات کـە دونیـای چەنـد سـاڵێک دوای سـاڵی هەشـتاونۆ دونیایـەکی ئەوەنـدە پـڕ ناشـیرینیی و ناعەدالەتییـە کـە مـارکس بـە هەسـتکردن بـە مەسـئولییەت و رەخنـەی رادیکاڵانـەی خۆیـەوە بـەردەوام وەک تارماییـەک بـە شـەقام و کۆڵانەکانیـدا هـاتوچۆ دەکـات و زەرورەتـی وجـودی خـۆی دەسـەلمێنێت. بـەو مانایـەی دێریـدا دەیڵێـت کۆمـەڵگای ئێمـە لـە چاوەڕوانییـدا نییـە "مارکسـی نـاو زەمـانی بێتـە گـۆ"، بـەڵکو تارمـایی مـارکس خـۆی بەتەبیعـەتی حـاڵ رۆژانـە بـە خـاکی ئێمەشـدا تێپـەڕ دەکـات و بیرمـان دەهێنێتـەوە کـە ئـەم دنیایـە لـەجێی خۆیـدا نییـە و دەبێـت بیگـۆڕین. هـەر کاتێـک لەسـەر ئـەم شۆسـتەیە سـواڵکەرێک دەبینـین و لـەو مەیـدانی کـارەدا کرێکـارێکی بێکـار دەبینـین و دەڵێـین هۆکـاری لێکەوتـەیی ئەمانـە کۆمەڵگایـە نـەک قـەدەرێکی نووسـراو، وە دەسـتگرتنیان و یارمەتییـدانیان بـۆ هەسـتانەوە مەسـئولییەتی کۆمەڵگایـە نـەک خۆیـان، ئـەوە تارمـایی مارکسـە هاتۆتـە پـەنا دەسـتمان و پێمان دەڵێت کێ بەرپرسە لە ناحەقییەکان و رەخنە رووبەڕووی کێ بکەینەوە.

پ/ ئایـا باڵادەسـتی گوتـاری مارکسـیزم بەسـەر ژیـاریی خۆرئـاواوە کۆتـایی هـاتووە یـاخود ئـەو گوتـارە بەشێوازی جیاواز بوونی هەیە؟

سـیروان ع.: بێگومـان بـە شـێوازی جیـاواز بـوونی گـەورەی خـۆی هەیـە. بـۆ نموونـە سۆشـیال-دیموکراتییـەت و ئـەو سیسـتەمی حوکمـە نیمچەسۆشیالیسـتیی و دەوڵـەتی رەفاهانـەی ئـەم ئاراسـتەیە لـە مارکسـیزم بـۆ نموونـە لـە هەنـدێک لـە وڵاتـانی ئیسـکەندەناڤیی هێناویەتییـە ئـاراوە هـیچ نییـە بەغـەیری نوسـخەیەکی هـەموارکراوی فەلسـەفەی مارکسـیزم. سیسـتەمی حـوکمی سۆشـیال-دیمـوکراتیی، کـە لـە ئێسـتادا عادیلانـەترین سیسـتەمی حوکمـە لـە دونیـای ئـەمرۆدا، تـەنها بیرۆکـەی شۆڕشـی کرێکـاریی و دیکتاتۆرییـەتی پرۆلیتاریـای لـێ خراوەتـە لاوە ئـەگینا سـەرلەبەر ئـەو ئاراسـتەیەیە کـە مـارکس و ئـەنگڵز داوای گرتنەبەری دەکەن.

بیرمـان نـەچێت سیسـتەمی سۆشـیال-دیمـوکرات لـە هـەر سیسـتەمێکی تـر پتـەوتر بەرگـەی ئـەم قەیرانـە ئابوورییـەی دوو سـاڵی ڕابـردووی گـرت و کـارێکی کـرد خـەڵکی ئـەو وڵاتانـە کـەمترین سـەختیی ژیـان و بێکارکـەوتن و نەهامـەتیی بیانگرێتـەوە. ئەمـە بـوو بـۆ ماوەیـەک مـارکس و مارکسـیزمی هێنایـەوە سـەر ئەجێنـدای ڕۆژ و لـە دونیـادا فرۆشـی کتێبـەکانی مـارکس بەشـێوەیەکی بـەرچاو زیـادی کـرد، بـەڵام دیسـانەوە ئـەوەش دەرکـەوتنێکی تـری تارمـایی مـارکس  بـوو بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر زەروورەتـی هـەبوونی ڕەخنـە و هەسـتی بەرپرسـیارێتیی لەئاسـت نەهامـەتیی یـەکتردا نـەک بـۆ هێنـانی "ڕەچەتـە"یـەک بۆ چارەسەری کێشەکان یان کێشانی "نەخشەی ڕێگا"یەک بۆ چۆنییەتی گۆڕینی دونیا.

پ/ بـا قسـەیەکی بابـەکی ئەحمـەدی لـەبارەی مـارکس بێنینـەوە کـە دەڵێـت "مـارکس دەرمـانی ڕزگاربوونمـان نـاداتێ، بـەڵام ئـەوەمان بیـر دەهێنێتـەوە کـە نەخۆشـین و واچـاکترە مشـورێکی چارەسـەرکردنی خۆمـان بخـۆین، ئـەو هـەندێ دەرمانیشـمان بـۆ دەستنیشـان دەکـات, بـەڵام لەسـەر ئێمەیـە کـە لەئاسـت کاریگـەری ئـەو دەرمانانـە بتۆژینـەوە". عـەقڵی ئێمـە لـەکوێی دۆزینـەوەی ئـەو دەرمانەیە؟

سـیروان ع.: ڕاسـتت ئـەوێ مـن تـا ئێسـتا بـەختی ئـەوەم نـەبووە هـیچ کتێبێکـی بابـەکـی ئەحمـەدی بخوێنمـەوە بۆیـە ڕەنگـە دروسـت نـەبێت قسـەیەک لەسـەر چۆنییـەتی بیرکردنـەوەی ئـەو لـە مـارکس بکـەم، بـەڵام ئەگـەر بەرئەساسـی ئـەو ئیقتیباسـە قسـە بکـەم کـە لـە پرسـیاەرکەدا هەیـە، ئـەوا دیـارە ئـەویش وەک دێریـدا بـەهای مارکسـیزم لـەو بـەها ڕەمزییەیـدا دەبینێـت کـە بیـری کۆمـەڵگای ئێسـتا دەهێنێتـەوە کـە نەخۆشـە و پێویسـتە چارەسـەر بکـات. وەک لـە وەڵامـی چەنـد پرسـیارێکی پێشـوودا ووتـم، مـن پێموایـە مـارکس لـە دەستنیشـانکردنی دەرمـان بـۆ چارەسـەری ئـەو گرفتانـە تـەواو کـورت دەهێنێت. بـەلای منـەوە میراتێـک کـە لـە مارکسـەوە بـۆ ئێمـە مابێتـەوە و بەهایـەکی هـەبێت ئەوەیـە کـە تەسـلیم بـە بێبـاکیی نـەبین لەئاسـت نارێکییەکانـدا و وای دانـەنێین کـە دەبێـت هـەر وا بێـت یـان خـۆی چـاک دەبێـت. کـاری یەکـەم ئێمـە بیکـەین ئەوەیـە کـە بـزانین دونیـا خـۆی چـاک نابێـت بگـرە ئەگـەری خراپتربـوونی ئەگـەرێکی تـەواو موحتەمەلـە، هـەروەها بـەو ڕۆحییەتەشـەوە کـار بکـەین کـە ئینسـان دەتوانێـت گـۆڕان لـە سیسـتەمی ئێسـتادا بکـات و بـەرەو سیسـتەمێکی عادیلانـەتری بـەرێت. مـن سـەرباری کورتهێنـانی مارکسـیزم و سـەرباری هـەموو نەهامەتییـەکانی نـاو دنیـای ئێسـتا، هێشـتاش تـەواو گەشـبینم بـەوەی کـە لـە چەنـد سـەدەیەکی کـەم زیـاتر نابـات مرۆڤایـەتیی کۆمەڵگایـەکی تـەواو عادیلانـەتر و جیـاوازتر لەمـەی ئێسـتامان دەسـازێنێت. ڕیـالیزەکردنی ئـەم هیوایـە و کورتکردنـەوەی ئـەو ڕێگایـەی لـە پێشـمانە، بـە ڕای مـن بـە کردنـی ئایـدۆلۆژیای مارکسـیزم بـە پێوانـەی ڕەخنـەکردن و هەڵوێسـتگیریی ناکرێـت، بـەڵکو تـەنها بـەوە

دەکرێـــت ڕەخنـــە وەک کەرەســـتەیەکی زینـــدوو و هەمیشـــەئامـــادە بهێڵینـــەوە و ئینساندۆســـتیی و دیموکراتییەت بکەینە پێوانەی هەر هەڵوێتسگیرییەکمان.

❋ ❋ ❋